د. نوری تاڵەبانی

# سەرۆکایەتی پەرلەمان

# فەرمانەکانی حیزبیان لەلاگرنگترە لە داواکاری ئەندامانی پەرلەمان

**دیداری سۆران مامەحەمە - کەرکوک**

**دکتۆر نوری تاڵەبانی کەسایەتی سیاسی کورد کە چەند دەیەیەکە لە سیاسەتدا سەرقاڵەو خەریکی کارکردن و چالاکییە و لەلای حیزبە کوردییەکانیش خاوەن پێگەیەکی تایبەتییە حسابی تایبەتیشی بۆ دەکرێت، هەربۆیە وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەم چاوپێکەوتنەدا دکتۆر ڕاشکاوانە لەسەر هەندێك مەسەلەی پەیوەستدار و هەنووکەیی تایبەت بە کەرکوک وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و بیروڕا و بۆچوونەتایبەتییەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.**




**لڤین: راتان چیە بەرامبەر بە سیاسیانی عەرەب کە کاتێك پێویستیان بەهەما هەنگی کورد دەبێ دێنە کوردستان ، بەڵام لەکاتی دیکەدا پشت لە کورد دەکەن ؟**

د. نوری تاڵەبانی : لە ماوەی ساڵانێکی زۆردا لەگەڵ کۆمەڵێك لە لایەن وگرووپە سیاسیەکانی ئۆپۆزسۆنی عێراقی پێکەوە کارمان دەکرد بۆ روخانی رژێمی بەعسی، بەڵام بۆم دەرکەوت بەشێکی زۆریان لەناخەوە دۆستی کورد نین. هەڵوێستی راستەقینەیان کاتێ دەردەکەوێ کە پرسیاری هەڵوێستیان دەربارەی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە ناوچەی کەرکوك لێ بکەیت، ئەوە چاکترین پێوارە بۆ تاقیکردنەوەیان. ئەو لایەن و گروپانەی کە سیاسەتی بە عەرەبکردنیان مەحکوم نەدەکرد، بە دۆستی کوردم نەدەزانین. بەڵام بەشێك لە چەپرەوکان وچەند کەسێکی لیبرالی وەك دکتۆر حەسەن چەلەبی دەچنە خانەی ئەو کەسانەی کە ئەم سیاسەتەیان هەمیشە مەحکوم کردووە. پێم باشە لێرەدا ئاماژە بۆ چەند رووداوێك بکەم سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەزانی. لە ساڵی ١٩٩٥ لە سوێد کتێبەکەم بە زمانی عەرەبی (منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومی) چاپکرا. پێم باش بوو بەرپرسیارانی گرووپە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بریتانیا چاویان پێی بکەوێت، بۆیە زیاتر لە ٣٠ دانەم بە پۆست بۆ ناردن. پاش ماوەێکی تر کە چاوم پێ کەوتنەوە هیچیان باسی کتێبەکەیان نەدەکرد تا پرسیارم لێ دەکردن ئایا کتێبەکەیان بەدەست گەیشتووە یان نا؟ هەستم دەکرد نارەحەت بوون لە ناوەرۆکی کتێبەکەو پێیان خۆش نەبوو باسی بکەن. هەر بۆ نوکتە دەیگێرمەوە، جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکدا چاومکەوت بە کۆنە ئەفسەری عێراقی عەزیز قادر سەمانچی کە نوێنەری بەرەی تورکمانی بوو لە بریتانیا، پرسیاری لێکردم ئەو کتێبەم لەکوێ دەست دەکەوێت، چونکە لە کتێبخانەکان دەستی نەکەوتبوو. داوای ئەدرەسیم کردو بە پۆست کتێبەکەم بۆ نارد، پاش ئەوەی بە چەند وشەێکیجوان وەك پێشکەش کردن لەسەر کتێبەکە، بۆم نووسی. پاش دوو هەفتەی تر لە

کۆبوونەوەیێکی ترا رووبەرووم بووەوە، بەلاّم رووی بەولادا کرد! لەو رۆژەوە ئەو کابرایە وەك دوژمن تەماشام دەکات! سەیر لەوەدایە بەشێك لەبەرهەڵستکارانی رژێمی بەعسی کە خۆیان بە پێشکەوتنخوازیش دەزانی، دەیانگوت ئەو خەڵکانەی لە کەرکوك نیشتەجێکراون ماوەیەکی زۆرە لەویّ دەژین و ئێستا منداڵیان لەویّ گەورەبووە، چۆن دەبێت داوایان لیّ بکرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگایانەی لێوەی هاتوون! پرسیام لیّ دەکردن بۆ هەمان هەڵوێستان نییە بەرامبەر کێشەی دەرکردنی فەلەستینیەکان کە منیش لەگەڵ گەڕانەوەیانم بۆ سەر خاکی خۆیان؟ زۆر نارەحەت دەبوون کە سیاسەتی سەدامم دەشوبهاندە سیاسەتی ئیسرائیل! هەر ماوەیەك پاش دەرچوونی ئەو کتێبە، مەقالەیێکی درێژ لە ئۆرگانی حیزبی (یەکیەتی ئیسلامی تورکمانی عێراق) بلاّوکرایەوە و تیایدا هێرشێکی زۆر کرابووە سەر کتێبەکەو نووسەرەکەی! پاش چەند هەفتەیەکی تر هەمان ئەو مەقالە لە ئۆرگانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراقی کە لە سوریا دەردەچوو، بلاّوکرایەوە. کاك کامەران فەرهادی دۆستم کە لە سویسرا دەژیت وەلاّمی دابوونەوە و دانەیەك لەو وەلاّمدانەوەکەی بۆ ناردم، بەلاّم هەردوو رۆژنامەکە ئەو رەدەیان بۆ بلاّو نەکردەوە.

لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٢ سیمینارێك لە بەرلین بەسترا بۆ کۆڵینەوە سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوك. لەو سیمینارەدا بابەتێکم پێشکەش کرد لەژێر ناوی" هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوك"تێیدا ئاماژەم بۆ هەڵوێستی هەمولایەکیان کردووە. بەشێك لەو لایەنانەی کە ئەمڕۆ حوکمی عێراقیان بە دەستەوەیەو هەرگیز سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکوکیان مەحکوم نەکردووە، داوایان لیّ دەکریّ مادەی ٥٨ جێبەجیّ بکەن! لە ٢٨ مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٥ سەید عەبدولعەزیز حەکیم هاتە پەرلەمانی کوردستان و پێمگوت ئەو لایەنانەی سیاسەتی بە عەرەبکردن مەحکوم ناکەن ناتوانن مادەی ٥٨ی یاسایی کاتی جێبەجیّ بکەن، چونکە باوەڕیان بەسرینەوەی ئاسەواری ئەو سیاسەتە نییە، کەسێکیش باوەڕی بە کارێك نەبیّ ناتوانیّ ئەو مادە یاساییە جێبەجێی بکات کە بۆ چارەسەرکردنی دانراوە. لەڕاستیدا ئاساییکردنەوەی باری کەرکوك دەبیّ لەلایەن کەسانێکەوە بکرێت کە باوەریان بە سیاسەتی بە عەرەبکردن نەبیّ.

**لڤین: تا چەند گەشبینی بەرامبەر بە ئایندەی کەرکوك ؟ بەشێوەیێکی واقیع بینانە؟**

د. نوری تاڵەبانی: هەمیشە گەشبین بووم لە ژیاندا، هەتا لە رۆژە ڕەشەکانیشدا، چ سەبارەت بە کەرکوك بیّ یان بە پاشە رۆژی کوردستان. بۆ مێژوو دەیگێرمەوە، لەپاش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ یاداشتێکم پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد سەبارەت بە باری ناهەمواری زانکۆی سەلاحەدین لەو سەردەمەدا. لەو یاداشتنامەدا پێشنیازم کردبوو تا باری ئەو زانکۆیە چاك نەکرێت چاکترە بیر لە کردنەوەی زانکۆیەکی نویّ نەکرێتەوە، چونکە قسەی کردنەوەی زانکۆی تر لەئارادا هەبوو. لەو یاداشتەدا پێشنیازم کردبوو ناوی زانکۆی سەلاحەدین بکرێت بە زانکۆی کوردستان و ئەو کۆلێجانەی سەر بە دیراساتی ئینسانین، بیانگوازنەوە بۆ سلێمانی کە هەمیشە مەڵبەندی ئەدەب و زمان و رۆشنبیری بووە، تاکو لە ئایندەدا ئەو چەند کۆلێجە بکرێنە بنەما بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی تایبەت بە دیراساتی ئینسانی لە سلێمانیدا. کۆلێجی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەدین کە بەعس دایخستبوو، پێشنیهادم کردبوو لە دهۆك بکرێتەوەو بکرێتە بنەما بۆ زانکۆیەکی تایبەت بە دیراساتی کشتوکاڵ و دارستان وتووتن لە دەڤەری بادینان. لەو یاداشتنامەیەدا پێشنیهادی دامەزراندنی زانکۆیەکی تێکنۆلۆجیم لە کەرکوك کردبوو. چەند مامۆستایەك کە بیستبوویان پێشنیهادی کردنەوەی زانکۆیێکم لە کەرکوك کردووە لە پاش رزگارکردنی کەرکوك (لەو سەردەمەدا لەژێر دەستی رژێم بوو)، بە بزەیەکی سەر لێوەوە پێیان گوتم وادیارە زۆر بە پەلەی بۆ کردنەوەی زانکۆیەك لە کەرکوك! لەو دەمەدا ئەو کەسانەی بە خەیاڵیش بیریان لە ئازادکردنەوەی کەرکوك دەکردەوە ژمارەیان کەم بوو، بەلاّم هەمیشە ئازادکردنی کەرکوکم لەبەرچاو بووە، دوور بیّ یان نزیك، ١٢ ساڵ زۆر نییە بۆ ژیانی گەلێك، خۆشبەختانە کەرکوك لە ئاداری ٢٠٠٣ رزگارکرا. ئەمڕۆکە لە کەرکوك زانکۆیەك هەیە هەرچەندە بۆچونی تایبەتیم هەیە سەبارەت بە کۆلێجەکانیو بە بابەتی تریش لەو زانکۆیەدا. لە پاش ئازدکردنی کەرکوك بە ماوەیەکی کەم بابەتێکم بە کوردیو ئینگلیزی لەسەر زانکۆی کەرکوك بلاّوکردەوە تێیدا پێشنیهادی چەند چاکسازییەکم کردووە بۆ بەرەوپێشخستنی لەهەموو ڕوویەکەوە.

چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك بەندە بە هەڵوێستی یەکگرتووی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە. لەپاش روخانی رژێم لە ئاداری ٢٠٠٣ بە چەند هەفتەیەك، لەگەڵ دکتۆر جەبار قادرو دکتۆر ئازاد شێخانی یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان کرد، تێیدا پێشنیهادی دامەزراندنی لیژنەیەکمان کرد لە چەند کەسێکی پسپۆرو شارەزای خەڵکی کەرکوك و نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەو شارەدا کە ئەرکی سەرەکی ئامادەکردنی دیراسەی جۆراوجۆر بیّ دەربارەی کێشەکانی کەرکوك لەگەڵ پێشنیهادکردنی پلان بۆ چارەسەرکردنیان. پێشنیازی ئەوەشمان کردبوو ئەو لیژنەیە بتوانیّ لیژنەی تر دروستبکات لە هەموو بوارەکاندا، بەداخەوە داواکەمان پشتگوێخرا. ئەو لیژنەیەی کە پتر لە ساڵێکە دروستکراوە بە سەرۆکایەتی کاك حەمید مەجید موسا پێویستە

هەموولایەك پشتگیری لێبكات وچاكترە ژمارەی ئەندامانی كەم بن. چاكترە سەرۆكی لیژنەكە نوێنەری حكومەتی عێراق بێ و ئەندامانی تری یەكێكیان نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان بێ و ئەویتریان نوێنەری ئەنجومەنی ئوستانی(پارێزگای) كەركوك، لەگەڵ دوو پسپۆڕ كە یەكێكیان توركمان بێ. پێویستە بڕیارەكانی ئەو لیژنەیە سیفەتی ئیلزامیان هەبێ تاكو هەموو وەزارەت و دەزگاكانی عێراقی و كوردستانی جێبەجێیان بكەن.

**لڤین: پێتان وانیە كاربەدەستان و لێپرسراوانی كورد لە كەركوك بەهۆی مەسڵەحەتی شەخسی ومەرامی حیزبییەوە نەیانتوانیوە سەركەوتوو بن لە ئەركە نەتەوایەتیەكانیاندا؟**

د. نوری تاڵەبانی: بەرژەوەندی حیزب دەبێ لەپاش بەرژەوەندی كورد بێ، مەسەلەی كەركوك مەسەلەیەكی نەتەوەییە و هی هەموو كوردە، ئەگەر بەو گیانەوە چارەسەری كێشەكانی كەركوك نەكرێت، بە دۆڕاوی دێینە دەر. مەسەلەی كەركوك جاروبار بۆ مەبەستێكی سیاسی تایبەت بەكارهاتووە، بۆ نموونە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ ئامادەكراوە پێشنیازكراوە كەركوك بكرێتە پایتەختی هەرێمی كوردستان. بڕواناكەم كەسێك لەم كوردستانەدا هەبێ بەقەد من پشتگیری لەم پێشنیهادە بكات، بەڵام دەزانم ئەو پێشنیهادە بۆ تەپوتۆزكردن بووە، بەڵام چاكترە پێشتر كەركوك بخرێتەوە سەر سنووری ئیداری هەرێمی كوردستان، ئەوجا باس لەوە بكرێت بكرێتە پایتەختی ئەو هەرێمە. تا ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لە كەركوك یەك ریزی و یەك هەڵوێستی لەنێو قاعیدەی هەردوو حیزبی سەرەكی كوردستان بەدیناكرێت. هەڵگرتنی دروشمی گەورە كێشەكان چارەسەر ناكات، بەڵكو دەبێ سەرەتا قاعیدەی ئەو دوو حیزبە بە گیانی یەكریزی و تەبایی و یەك هەڵوێستی پەروەردەبكرێن. هەروا پێویستە لە بودجەی حكومەتی هەرێمدا مەبلەغێكی باش تەرخان بكرێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی ناوچەی كەركوك و هەموو بەشەكانی تری كوردستان كە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندیدان. ئەم هەنگاوانە دەبنە بەردی بناغە بۆ پرۆسەی گەڕانەوەی كەركوك بۆ باوەشی كوردستان.

**لڤین: هەڵسەنگاندنتان بۆ بڕیارەكانی ئیبراهیم جەعفەری تایبەت بە زیادكردنی نرخی سوتەمەنی لەسەرتاسەری عێراق و خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییەی كەركوك چییە؟**

د. نوری تاڵەبانی: دوكتۆر ئیبراهیم جەعفەری لەوەتەی بووە بە سەرەك وەزیرانی عێراق نە باری ئەمنی لە عێراق بەرەو باشی چووەو نە هەنگاوێكی ناوە بۆ ئاساییكردنەوەی باری كەركوك بە جێبەجێ كردنی مادەی ٥٨ ی قانوونی كاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق. بڕیاری زیادكردنی نرخی سوتەمەنی چەند رۆژێك پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ١٥ كانوونی یەكەمی ٢٠٠٥ دەچێتە پاڵ بڕیارە چەوتەكانی تری ئەو حكومەتەوە. ئەگەر ئەو بڕیارە پێش ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بدرابا، ئاكامەكانی بە جۆرێكی تر دەبوون، ئەوەش بەڵگەیێكی ترە كە دوو روویی هەمیشە سیمای سیاسەتی حكومەتی جەعفەری بووە. هاتنی بۆ كوردستان بە مەبەستی پاكانەكردن بوو، چونكە كاری بە كورد هەیە. لەم سەردانەی بۆ كوردستان ویستی جۆرە فیتنەیەك دروست بكات لەنێو حیزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان و ئەنجومەنی ئوستانی(پارێزگای) كەركوك و چارەسەركردنی مەسەلەی كەركوك لە چوارچێوەی سەرفكردنی مەبلەغێ پارە بهێڵێتەوە . گەر كورد هەمیشە خۆش باوەڕبوون، بەڵام نابێ سیاسەتمەدارانی كورد بەو جۆرە بیر بكەنەوە.



سەبارەت بەو خۆپیشاندانەی لەم دواییەدا لە چەند شوێنێكی كەركوك روویاندا، من خۆپیشاندان بە مافێكی رەوای خەڵكی دەزانم و پێویستە كاربەدەستان بكۆڵنەوە لە داواكاریەكانیان و هەوڵبدەن بە زووترین كات جێبەجێیان بكەن. بەڵام پێویستە خۆپیشاندان هێمنانە رێكبخرێت و كەسێك یان كەسانێك پەنا نەبنە بەر كاری توندوتیژی كە هیچ ئاكامێكی باشی لێ نابێتەوە. وەك یاسا ناسێك دەڵێم، هەموو لایەك دەبێ پەنا بەرنە بەر یاسا بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان، ئەگەرچی تا ئەمڕۆش حوكمی یاسا سەرەوەر نییە، نە لە كەركوك نە لە بەشی زۆری جێگای تریش، بەڵام پێویستە هەموو رێز لە یاسا بگرین گەر بمانەوێ وڵاتەكەمان بەرەو پێشكەوتن بروا.

**لڤین: بۆچی پەرلەمانی كوردستان خاوەنی بڕیار نییە؟**

د. نوری تاڵەبانی : خۆشحاڵم بە ئاراستەكردنی ئەم پرسیارەو هەوڵدەدەم لێرەدا راشكاوانە وەڵامی بدەمەوە، چونكە چەند جارێك پرسیاری لەم شێوەیە ئاراستەی چەند پەرلەمانتارێك كراوە، بەڵام راشكاوانە وەڵامیان نەداوەتەوە.

پەرلەمانی كوردستان هەر لەسەرەتاوە بە "عەمەلیاتێكی قەیسەری" لەدایك بووە، ئەویش پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك. پێش كۆبوونەوەی، كۆمەڵێك لە ئەندامە هەڵبژێرراوەكان كۆبوونەوە بۆ داواكردن بە

ڕێگادان به کۆبوونەوەی پەرلەمان. له کۆبوونەوەی دووەمدا بڕیاردرا ئەگەر تا هەفتەیەکی تر پەرلەمان کۆ نەبێتەوە، بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە بچنە بەردەم پەرلەمان و داوا بکەن ڕێگا به کۆبوونەوەی پەرلەمان بدرێت. له ڕۆژی دیاریکراودا هەر چوار پەرلەمانتاری هەڵبژێرراو چووینە بەردەم تەلاری پەرلەمان و ئەوانی تر نەهاتن!

سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاریکران! دەکرا ئەم بڕیاره لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە که چاوەڕوان دەکرا پێکەوە زۆرینەی کورسیەکان به دەستبهێنن ئاشکرا نەکرێت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کۆبوونەوەی پەرلەمان لەبەرچاوی ڕای گشتیو میدیادا به شێوەیێکی شەفاف له هەڵبژاردنێکی نهێنیدا. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەیانویست به خەڵك بڵێن دەسەڵات هەر بەدەست ئەوانەوە دەمێنێ هەتا پاش هەڵبژاردنیش. تا ئێستا گوێ لەخواستی ئەندامانی پەرلەمان نەگیراوە، ئەوەش بێباوەڕیی به پەرلەمان دروستکردووە لەلای خەڵکی کوردستان. پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان به شێوەیێکی سەیر ئەنجامدرا، جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی کاندید کردو سەرۆکیش جێگرەکەی کاندیدکرد! دەکرا ئەو کاره بسپێرن به چەند ئەندامێکی هەردوو لیستەکەیان وەك چۆن تائێستا چەند پرۆژەیەکی یاساییان پێکەوە پێشکەش به پەرلەمان کردووە.

ئەرکی سەرەکی پەرلەمان له هەموو وڵاتێکدا بریتییه ، له متمانەدان به حکومەت وچاودێریکردنی کارەکانی و پرسینەوە له سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران. ئەرکی دووەمی بریتییه له پەسەندکردنی پرۆژەی یاساکان که زۆر جاران حکومەت ئامادەیان دەکات. به پێیی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ده ئەندامی پەرلەمان دەتوانن پرۆژەی یاسایەك ئامادەبکەن و داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بخرێتە بەردەم پەرلەمانەوە ، بەڵام لەڕاستیدا ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان له چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری‌حکومەت نییەو نازانن وەزارەت و دەزگاکانی تر پێویستیان به چ یاسایەك هەیە. به واتایەکی تر، حکومەت به شێوەیێکی باشتر دەتوانێ پرۆژەی یاساکان ئاماده بکات و ڕاستەوخۆ بیخاتە بەردەم پەرلەمانەوە تاکو گوفتوگۆی لەسەربکات و پاشان پەسەندی بکات بەو شێوەی خراوەتە بەردەستی، یان پاش دەستکاریکردنی. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت که ئەندامانی سەربەخۆ لەناو پەرلەماندا زۆر کەمن، بڕیار هەر بەدەستی پەرلەمانتارانی سەر بەو دوو حیزبەیە لەگەڵ هاوکارانیان له حیزبەکانی تر.

تا ئێستا دوو پرۆژەی یاسایی لەلایەن کۆمەڵێك له پەرلەمانتارانەوە خراونەتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، یەکێکیان سەبارەت به پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان که ٥٩ ئەندام ئیمزایان کردبوو، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیخستە بەردەم پەرلەمان و پاشتر هەر خۆی بڕیاری دروستکردنی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی دا. داواکاری دووەم لەلایەن ٦٢ پەرلەمانتارەوە پێشکەش کراوە سەبارەت به یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ئومێدەوارین ئەمیان پاش جەژن گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەر تا ئەودەمە هەردوو ئیدارەکە یەك نەگرنەوە. کێشەی پەرلەمان لەوەدایە که دەستەی سەرکردایەتیەکەی گوێ له مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە دەگرێت زیاتر له خواست و داواکاریەکانی ئەندامانی پەرلەمان، چونکه سەرۆك و جێگرەکەی ئەندامی مەکتبی سیاسی ئەو دوو حیزبەن، لەوە دەچێ فەرمانی حیزبیان لەلا گرنگتربێ تا داواکاریەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

**لڤین: تا چەند لەگەڵ دروستبوونی پەرلەمانی لاواندایت؟**

د. نوری تاڵەبانی: دامەزراندنی پەرلەمانی تایبەت بەلاوان کارێکی چاکە، بەڵام پرسیار لەوەدایە چۆن دروست دەکرێت؟ ئایا له شێوەی ڕێکخراوە بەناو سەربەخۆکان، یان له ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازادا، بێ دەستتێوەردانیان؟ پێویستە ئەم کاره بەشێوەیێکی باشتر دیراسه بکرێت تاکو نەکەوینە بەردەم پەرلەمانێکی تایبەت به لاوان بەڵام لەژێر ڕکێفی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بێ.

**لڤین: پێتان وانیه دانانی قانوونێك سەبارەت به تێرۆر مەترسی تێرۆر له کوردستان کەم دەکاتەوە ؟**

د. نوری تاڵەبانی: تێرۆر بووەته دیاردەیەکی جیهانی و پێویسته لەسەر ئاستی دەوڵەتیو نێو دەوڵەتی بەهاوکاری هەمولایەك چارەسەربکرێت، ئەگینا دەبێتە مەترسییەکی گەوره لەسەر هەمووومان. لەبەشی هەره زۆری دەوڵەتانی دونیادا یاسایی تایبەت به تێرۆر پەسەندکراوە، کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقیش له مانگی تەموزی ٢٠٠٥ یاسایەکی تایبەت به تیرۆری پەسەندکردووە که بەشێك له بەندەکانی زۆر توندو تیژن. به پێی مادەی سێی ئەو یاسایه هەر کارێك ببێتە هۆی هەرەشەکردن لەسەر یەکیەتی نیشتمانی عێراق کارێکی تێرۆریستیە. پرسیار لەوەدایە ئەگەر ئەم بەنده بەفراوانی لێکبدرێتەوە، وەك ئەوەی گەلی کوردستان داوای بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی خۆی بکات، ئەو داواکاریە چۆن لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیەوە دەخوێندرێتەوە؟

پەسەندکردنی یاسایەکی تایبەت به تێرۆر له کوردستاندا کارێکی باشە، بەمەرجێ ئەو قانوونه ڕێز له مافەکانی مرۆڤ بگرێت و ڕێگا به پێشێلکاریکردنی مافەکانی تۆمەتبار نەدات که لەبەردەم دادگایەکی ئاساییدا دادگایی بکرێت.

**لڤین: پێتان وایه دەتوانن له پەرلەمانی کوردستان فەرمانبەره گەورەکانی حکومەتی هەرێم بانگ بکەن و لەسەر گەندەڵی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن؟**

د. نوری تاڵەبانی : ئەگەر حکومەتی یەکگرتوو دروستبکرێت، ئەرکی پەرلەمانە چاودێری کارەکانی بکات، بۆیه دەتوانێ لێژنەی تایبەت بۆ کۆڵینەوە لەسەر گەندەڵی دروست بکات له ئەندامانی پەرلەمان، یان له چەند ئەندامێکی بەهاوکاری چەند پسپۆڕێکی شارەزا له بواری جیاوازدا. یان له کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەنجامدانی ئەم کاره، لەژێر چاودێری خۆیدا.